کەشناسی هەرێم: ئەمڕۆ و سبەی باران دەبێت



کەشناسی هەرێم رایگەیاند، ئەمڕۆ شەممە و سبەی یەکشەممە لە کاتە جیاجیاکاندا باران بارین دەبێت و لە هەندێك كات و شوێن بەشێوەی لێزمە باران دەبێت.

ئاوێنە: بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ شەممە، ئاسمان بەگشتی هەوری بارانباوی دەبێت، لە زۆربەی ناوچەکان نمە باران و بارانی مامناوەند بە پچڕپچڕی دەبارێت، هەروەها لە ناوچە سنوریيەکان بەفر بارینێکی کەم دەبێت. لە شێودا کاریگەری باران زیاتر دەبێت کە لە هەندە كات و شوێن بەشێوەی لێزمە باران دەبێت.

وتوشیەتی، ئەمڕۆ پلەکانی گەرما، 3 تا 6 پلەی نزمتر دەبن لە چاو تەمارکراوەکانی دوێنێ.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە، سبەی یەکشەممە، ئاسمان هەوری تەواو دەبێت لەگەڵ بارینی بارانی مامناوەند لە کاتەکانی بەیانیدا پاشان کاریگەریيەکەی لاوازتر دەبێت بە نمە بارانی پچڕپچڕ بەردەوام دەبێت بەدرێژایی ڕۆژ بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی هەرێم.

ئەوەشی خستەتەو، سبەی پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە، بەشێوەیەک کە 2 تا 4 پلە بەرزتر دەبن لەچاو تەماركراوەکانی ئەمڕۆ.

کەشناسی هەرێم پێشبینی کردوە بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ سبەی بەم جۆرە بن: هەولێر: 14، سلێمانی: 10، دهۆک: 13، هەڵەبجە: 12، زاخۆ: 13، حاجی ئۆمەران: 4، سێران: 8، چەمچەماڵ: 12 پلە.